# ڕەوت، لۆقە، غار

حەمەسەعیدحەسەن

لەژێر دروشمی: (بڕی ژنە ئابڕوومەندەكانی عێراق و بڕووخێ سۆزانییەكان)دا، ماوەیەكە ( پێشمەرگەكانی سەددام)* سەرقاڵی سەربڕینی ئەو ئافرەتانەن، كە برسیتی و دژواری ژیان، ناچاری لەشفرۆشتنی كردوون.

عێراق ولاتێكی دەوڵەمەندە و لە سەر زەریای زێڕی ڕەش، ڕاكشاوە، ئەوە سەددامە سامانی عێراقی ( كە ئەگەر بەشێوەیەكی ڕەوا دابەش كرابا، بەشی نەك بیست، شەست میلیۆن كەسیشی دەكرد.) دەرخواردی تەنووری گڕگرتووی جەنگ داوە و كارێكی كردووە، لە بەسرە، لە نزیك بیرە نەوتەكانەوە، لە (گەڕەكی بەزم)** ئافرەتانی عێراق، بۆ پەیدا كردنی بژێوی، لەشیان بفرۆشن.

كوڕانی سەددام، وەك لێیان چاوەڕێ دەكرێ، دەست بەشمشێری سی و دوو كیلۆگرامییەوە، لە ڕێی سەربڕینی ژنانی لەشفرۆشەوە ، بەرەو ڕووی ئەو دیاردەیە، كە دەرئەنجامی ڕەوتاری باوكیانە، دەبنەوە و بە خوێن ئابڕووی پۆخڵیان خاوێن دەكەنەوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە كوردستانی ژێر دەسەڵاتی لایەنە كوردییەكانیشدا، بە تایبەتی ناوچەی سۆران، قەلاچۆكردنی ژن، بە ناوی دژایەتیكردنی لەشفرۆشی و كڕینەوەی ئابڕووەوە، بە جۆرێ پەرەی سەندووە، كە لەو بوارەدا، پێشمەرگەی كورد، ڕووی پێشمەرگەی سەددامی سپی كردۆتەوە.

تەنانەت ڤینۆس فایەقی هۆلاند نشین! كە ڕۆژنامەوانێكی چالاكی سەر بەیەكێتی نیشتمانییە، لە مەدیا تیڤیەوە، نەك هەر لەگەڵ كوشتنی ئەو ژنانەدا بوو، كە لە ئاهەنگە بەعسییەكاندا، هەڵپەڕیون، بەڵكوو ئامادەیی خۆی بۆ كوشتنیشیان، بە دەستی خۆی، دەربڕی، بە مەرجێ گەلێ لەو پیاوانەی كە سەرۆك جاش بوون و چالاكانە بەشداریی ئەنفالیان كردووە، حاڵی حازر لە لایەنەكەی ئەو خوشكەدا، دەسەڵاتدارن!

جاران هەر پارتی خۆی لەتاوانەكانی بەعس گێل دەكرد، لە دوای ڕاپەڕینەكەی (ئەقسا)وە، یەكێتیش بە زێدەڕۆییەوە هەمان تاكتیك ڕەچاو دەكات و نامەی پڕ لە ئەوینیش دەنێرێ. جاران سەرانی كورد بە ڕەوتێكی گورج بەرەو بەغدا بەڕێ دەكەوتن، ئەمە یەك دوو هەفتەیە، خوویان داوەتە لۆقەكردن. تۆ بڵێی ئەم هەڵمەتی ژن كوشتنەی بەعس دەستی پێكردووە، گوڕو تینێكی وا بە پێوەندی نێوان ژنكوژان ببەخشێت، كە سەرانی كورد بەچوار ناڵە بەرەو بەغدا تێی بتەقێنن؟

2000/10/29

*فیدائیو صدام، یەكێكە لە دەزگا سەر كوتكەرەكانی بەردەستی عودەی.

** حی الگرب.